VOL 13 1ST Nov 2009

# SEKHURMA

Social Political Satirical

MONTHLY MAGAZINE

بادەستور حەکەم بێت -هەفتانە-




## کێ لە کوێ موهیمە؟

یەکچاو لە شاری کوێران

سەتەلایت لە ئێران

ویژدان لە دارستانا

خانوو لە مێرگەپانا

دارگوێز لە بیابانا

باخی چاك لە ناو سیتەك

چرا لە شەوی نوتەك

کەوا لەبەری بووکا

تەطبیع لەناو کەرکوکا

سفور لە قەندەهارا

پێنجشەممە لە بەهارا

پەراسوو لە یاپراخا

ئێستر لە رێی قاچاخا

مەسئول لە ناو عیفریتا

رێکخستن لە تکریتا

پارە بۆ رێی غەریبی

پەیرەو لای خەلکی حیزبی

صەراحەت لە مەلبەندا

سەربەخۆیی لە فەندا

یەك ریزی لە بەغادا

دەنکە حێل لەناو چادا

## سوعال و جەواب

س سوعال: وەلەو ئەلێن گوایە پەلەشی داوە، بەلام توخوا فەرق چیە لە بەینی ئینسانی ئالیو ئینسانی سیاسییا؟

ج جەواب: مادام سوێندت دام ئەلێم ئینسانی ئالی بە کۆنترۆل نیش ئەکات بەلام سیاسییەکە کۆنترۆلی لەدەستداوە